بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (٢٥٠) لە ٢٠٢٤/٤/٢٤

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٢٩) لە ٢٠٢٤/٤/٢٤، و لەبەر ڕۆشنایی هەردوو ماددەی (١٢/ دووەم/ د) و(٢١/ دووەم) لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بە بودجەی گشتیی فیدراڵی کۆماری عێراق بۆ ساڵەکانی دارایی (٢٠٢٣-٢٠٢٤-٢٠٢٥)، و حوکمەکانی ماددەی (٢٩) لە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی فیدراڵی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٩ هەموارکراو، ئەنجومەنی وەزیران بە کۆی دەنگ بڕیاری دا بە:

١. ئیداعکردنی بەشی خەرجیی فیدراڵی لە داهاتە نانەوتییە فیدراڵییە بەدەستهاتووەکان لە هەرێمی کوردستان لە ئەژمێری وەزارەتی دارایی فیدراڵ بە ژمارە (٧٠٠١٨) لە بانکی ناوەندیی عێراق لە کۆی گشتی ئەو داهاتە نانەوتییانەی کە دەبنە داهاتی کۆتایی بۆ خەرجیی بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییە داراییەکان و سیستمی ژمێریاریی کارپێکراو.

٢. ڕاسپاردنی وەزارەتی دارایی و ئابووری بۆ گرتنەبەری ڕێکاری پێویست بە هەماهەنگیی وەزارەتی دارایی فیدراڵ بۆ خەرجکردنی تەرخانکراوەکانی هەرێمی کوردستان لە بودجەی بەکاربردن و بودجەی سەرمایەداری (التشغيلية والرأسمالية) سەرەڕای تەرخانکراوەکانی مووچە وەک لە خشتەکانی هاوپێچی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣ هاتووە.

٣. سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕێکەوتی خەرجکردنی تەواوی مووچەی مانگانەی مووچەخۆرانی هەرێمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی دارایی فیدراڵ.

مەسرور بارزانی

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران